# سەربردەی ژیانم

**بیرەوەرییەکانی ڕەسووڵ پێشنەماز**

**بە قەڵەمی سۆران کەرباسیان**

ناوی پەرتووک: سەربردەی ژیانم
بیرەوەری: ڕەسووڵ پێشنەماز
نووسین و داڕشتنەوە: سۆران کەرباسیان
داڕشتنی بەرگ: ئاگری باڵەکی
پێداچوونەوەی زمانی: ئیسماعیل ئیسماعیلزادە
ساڵی چاپ: ٢٠١٤ی زایینیی
چاپی دووهەم
شوێنی چاپ: سوید، ستۆکهۆڵم
چاپ و بڵاوکەرەوە: کتاب ارزان
ئای ئێس بی ئێن: ٧-٧٣-٨٦٠٦٥-٩١-٩٧٨

---

The adventures of my life
Memoirs: Rasul Peshnamaz
Author: Soran Karbasian
Design: Agri Balaki
Secend edistion 2014
ISBN 978-91-86065-73-7
Publisher: KITAB-I ARZAN
Helsingforsgatan 15
164 78 Kista- Sweden
info@arzan.se
+46 8 7527709
+46 70 4926924
www.arzan.se

Copyright © KITAB-I ARZAN, 2014. All rights reserved.

# پێڕست


| | |
|---|---|
| پێشەکیی سۆرانی کەرباسیان | 01 |
| پێشەکیی ڕەسووڵی پێشنەماز | 17 |
| سەربردەی ژیانم | 20 |
| پێناسەی بنەماڵە | 21 |
| ماڵئاوایی یەکجاریی لە گیانبەخت عەلی برام | 27 |
| سەردەمی مناڵیی | 29 |
| دامەزرانی کۆماری کوردستان | 39 |
| سەردەمی گەنجییەتی | 51 |
| چوون بۆ سەربازیی | 91 |
| گیرانی تێکۆشەرانی دیکەی حدک | 100 |
| مارەکردنی هاوسەری ئازیزم | 102 |
| سەرەتای پەرتەوازەبوون | 115 |
| یەکەم چاوپێکەوتنم بە مامۆستا هەژار | 138 |
| یەکەم چاوپێکەوتنم بە بارزانی | 139 |
| گەڕانەوە بۆ چیای برادۆست و سەرهەڵدانی زیاتری دووبەرەکیی | 155 |
| کردنەوەی بنکەی سەر سنوور | 159 |
| دانانی بنکەی سونێ و یەکەم سەردان بۆ ڕۆژهەڵات | 168 |
| گەڕان و کاری ڕێکخراوەیی | 177 |
| بووژاندنەوەی خەڵک پاش کۆماری کوردستان | 180 |
| گوندی زێڕاندۆڵ و نوکتەیەکی خۆش | 186 |
| ژاندەرم و گوندی ماژگە | 187 |
| هاتنی بارزانی بۆ سەنگەسەر و وتووێژی ساڵی ١٩٦٤ | 190 |
| ڕاپۆڕتی سەردانەکەمان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان | 191 |
| دوو گیانبەختی لەبیرکراو | 194 |
| نامەکەی مەلا ئاوارە | 198 |
| جیابوونەوە لە ئەحمەد تۆفیق | 200 |

نامەیەکی سولەیمانی مۆعینی 206
کاردانەوەی سکاڵای ئەحمەد تۆفیق لای بارزانی 208
ڕزگاربوون لە هەڕەشەی کوشتن و سەردانی زینەتیر 212
دنەدانی من و هەڵەیەکی گەورە 214
بارزانی و ناردنی خەڵک بۆ چەککردنمان 215
ڕەخنەیەکی توند لە خۆمان 219
هاتنی کۆمەڵێکی دیکە لە گەنجانی ڕۆژهەڵات 220
کۆمەڵەی رزگاریی 223
کۆمیتەی ساخکەرەوە 226
یەکەم دانیشتنم لەگەڵ مەکتەب سیاسیی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و مام جەلال 232
خۆئامادەکردن بۆ گەڕانەوەمان بۆ وڵات 234
هەواڵی گیرانی حەسەنی رەستگار و برادەران 243
کێشە و گرفتەکانی کۆنگرەی دووهەمی حدک 246
یادێک لە گیانبەخت سەدیقی هەنجیریئازەر 251
دووخستنەوەی ئەحمەد تۆفیق لە بارزانی 255
نامەی ئەحمەد تۆفیق 263
دوورخستنەوەی ئەحمەد تۆفیق لە سەرکردایەتیی شۆڕش 268
سەرەتای بەهانەپێگرتنمان لە لایەن بەشی پاراستنەوە 272
نامەکەی سولەیمانی مۆعینی 274
شەڕی بەنێوبانگی سپیسەنگ و یەکەم تێکهەڵچوونی ساڵی ١٩٦٧ 284
نامەیەکی شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی بەرزەنجی 301
بەسەرهاتی دڵتەزێنی سولەیمانی مۆعینی 317
کۆنفرانسی دووهەمی حدک 335
داگیرکردنەوەی قەڵادزێ 342
ئامادەکاریی بۆ کۆنفرانسی سێهەمی حدک 344
یادی شێرەژنێک 357
وێنەکان 367

## پێشەکیی سۆرانی کەرباسیان

نووسینەوەی مێژوو یارمەتییەکی زۆرمان دەدات کە جیا لە ناسینی ڕابوردوو، بتوانین بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونەکان، خۆ بۆ داهاتوویەکی جوانتر ئامادە بکەین و خۆ لە دووپاتکردنەوەی هەڵەکان بپارێزین. بۆ ئەوەی لە ڕێژەی بەهەڵەتۆمارکرانی مێژوو کەم ببێتەوە، باشتر وایە بە پێی مێتۆد و پرەنسیپی ستاندارد بنووسرێتەوە. مێژووی زارەکیی بایەخێکی زۆری بۆ وێناکردنی ڕابوردوو هەیە و دەبێتە بەرچاوڕوونیی بۆ لێکۆڵەران بۆ ئەوەی بتوانن لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە مێژووی نەتەوەیەک بخوێننەوە.

مخابن هەتا ئێستاش نەتەوەی کورد نەک خاوەنی ناوەندێکی ئارشێوی مێژووی دۆکیومێنتاریی نەبووە، ناوەندی مێژووی زارەکیشی نییە و بۆشاییەکی زەق لەم پەیوەندییەوە دەبیندرێت، بۆشاییەک کە لێکۆڵەری مێژوو لە زۆر بارەوە تووشی کێشە و زەحمەت دەکات. سەرچاوەی زارەکیی بە تەنیا وەک بەڵگە نایەتە ئەژمار[1] و دەکارگرتنیشی کۆمەڵێک مێتۆد و ڕێسا دەخوازێت بۆ ئەوەی ببنە کەرەستەی توێژینەوەی مێژوویی. دەکارگرتنی مێژووی زارەکییش کە بەشێک لە وردەکارییەکانی ڕووداوێک لەخۆ دەگرێت، پێویستە بایەخی تایبەتیی پێبدرێت و وێڕای ئەوەی لەگەڵ سەرچاوە زارەکییەکانی دیکەدا هەڵبسەنگێندرێت، پێویستە لەگەڵ مێژووی دۆکیومێنتاری و بەڵگەش[2،3] بەراورد بکرێت. ئەو مرۆڤانەی بەیەکەوە بەشدارییان لە ڕووداوێکدا هەیە، بە چەندین جۆر ڕووداوەکە دەگێڕنەوە. جیاوازیی گێڕانەوەیان بۆ هۆکاری جۆراوجۆر دەگەڕێتەوە کە دەکرێ بە کورتیی ئاماژە بە چەند دانەیەکیان بکرێت:

1. **جۆری ڕوانین**: جۆری ڕوانین بۆ ڕووداوێکی دیاریکراو و گرنگیی ڕووداوەکە دەکرێت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە بگۆڕدرێت.
2. **کات**: ماوەی کورت یان درێژ کە بەسەر زەمەنی ڕووداوی مێژوودا تێپەڕیوە دەکرێت شوێندانەر بێت لە سەر متمانەکردن بە گێڕانەوەکەدا. لەبیرکردنی وردەکارییەکانی ڕووداوێک بە هۆی بەسەرچوونی کات لە بازنەی دەسەڵاتی مرۆڤەکاندا نییە و کاریگەریی بەرچاو لەسەر

---

[1] گەر وا نەبوایە هەموو سیستەمە بەڕێوەبەرییەکان بەرەو دۆخێکی نالەبار و نامرۆڤیی دەکێشران.

[2] Michael K. Buckland, What is a "document"? Journal of the American Society of Information Science 48, no. 9 (Sept 1997): 804-809

[3] Arkivterminologi bokmål, under dokument, Statsarkivet i Oslo http://arkivverket.no/arkivverket/Offentleg-forvalting/Regelverk/Arkivterminologi-bokmaal

وێناکردنی مێژوو دادەنێت. لە ئەگەری هەبوونی سەرچاوەی زارەکیی دیکە لەمەڕ باسێکی دیاریکراودا دەتواندرێت بە خوێندنەوەی ئەوان ئەو بەشە لە وردەکارییەکان ساخبکرێنەوە کە لەبیر کراون.

3. **بەڵگە و فاکت**: گرنگە کە خاوەنی مێژووی زارەکیی بە شێوەیەکی ساکار ڕووداوەکان نەگێڕێتەوە و بەڵگە و فاکتی لۆژیکییش بۆ باسکردنی مێژوو بخاتەڕوو. لە ئەگەری نەبوونی بەڵگە و فاکتدا دەبیندرێت کە مرۆڤەکان دەستیان لە گەلاڵەکردنی خوازراوی گێڕانەوەی مێژوودا ئاوەڵا دەبێت و کاریگەریی لەسەر جیاوازباسکردنی مێژوو دادەنێت.
4. **جێمتمانەبوونی بگێڕەوە.**
5. **سەربەخۆبوونی بگێڕەوە لە گێڕانەوەدا**: مەبەست ئەمەیە کە بگێڕەوە خۆی لە لایەنگریی سیاسی/حیزبی و پاراستنی بەرژەوەندییەکی تایبەت بپارێزێت.
6. **بەشداربوونی بگێڕەوە لە ڕووداودا**: گرنگە کە بگێڕەوە خۆی وەک شایەتێکی زیندوو ڕاستەوخۆ لە ڕووداوی بەرباسدا بەشدار بووبێت.

لە هەندێک ڕەوشیشدا مرۆڤەکان بە کورتیی باسی ڕووداوەکان دەکەن و خۆ لە وردەکارییەکان دەپارێزن کە ئەمەش دەکرێ بۆ هۆکاری جۆراوجۆر بگەڕێتەوە. بۆ ئەم نموونەیە دەکرێ لێرەدا ئاماژە بە ڕووداوێکی مێژوویی بکەین کە زۆر لە زەمەنی ڕوودانی تێنەپەڕیوە.

پاش کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی "ایران"، لادانێک لە ڕێبازی ئەوکاتی ئەو حیزبەدا ڕوویدا.[4] لەوکاتدا هەندێک کەسی سەر بە سۆڤیەت و حیزبی توودە دەگەڵ چەند کەسێک کە بۆچوونێکی نزیکتر لە حیزبی "تودە

---

[4] زۆر کەس بە هەڵە لە نووسینی خۆیاندا ئەم لادانەیان بە یەکەم دابڕانی نێو ئەم حیزبە باسکردووە. بە پێی ئەو بەڵگانەی جێی حاشایان نییە، یەکەم لادان لە ڕێبازی ئەو حیزبەدا لە کۆنفرانسی سێهەمیدا ڕوویدا، کاتێک کە حیزبێکی کوردستانی بوو بە حیزبێکی "ایرانی".

لەمەڕ لێکدابڕانی بەشێک لە ئەندامانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران پاش کۆنگرەی چوارەمی ئەو حیزبە بڕوانە ئەم دوو سەرچاوانەی ژێرەوە:

a) عبدالله حسنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، ئاوڕێک لە ڕابوردووی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، ئووتی ١٩٩٥ی زایینیی.
b) حوسێن بەخشی، لێکدابڕان؛ پێداچوونەوەیەک بەسەر چۆنێتی پێکهاتنی پێڕەوانی کۆنگرەی چواری حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، ئاڵمانیا ٢٠٠٧، ئەم پەرتووکە لەم بەستەرەی ژێرەوەدا بارکراوە:

http://harikar.files.wordpress.com/2014/02/hb-k4.pdf

ایران"یان هەبوو، سیاسەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی "ایران"یان بە دڵ نەبوو. لێرەدا دەرفەتی ئەمە نییە کە هۆکار و وردەکارییەکانی ئەو لادانە شی بکرێنەوە، بەڵام یەک لەو کەسانەی کە لەو زەمەندا ئەندامی ئیفتخاریی کۆمیتەی ناوەندیی ئەو حیزبە بوو و لە ڕەوشێکی ناسروشتیدا ڕاگەیاندنی جیابیرانی واژۆ کردبوو، هێمنی موکریانی بوو کە لای کوردان گەلێک خۆشەویستە. کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی "ایران" لەوکاتەدا ئەو کەسانەی بە خەیانەتکار پێناسە کرد.[5] هەرچەندە کە جەماوەری کوردستان بە گشتیی پشتیوانیان لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی "ایران" کرد، بەڵام ئەوان بە بڕیارەی سەر مامۆستا هێمن رازیی نەبوون، تەنانەت لەناو خودی حیزبیشدا ئەم هەست و بیرە هەبوو. مامۆستا هێمن تەنانەت لە دواییشدا کە دەگەڵ ئەو حیزبە نەما، ڕێبازێکی دیار و بەرچاوی هەبوو و لە خزمەت بە نەتەوەکەیدا پێنووسی گێڕا. ساڵی ۲۰۱۲ی زایینیی پەرتووکێک بە چاپ گەییشت کە بریتییە لە دیمانەی زنجیرەیی "عبدالله حسنزادە" کە بۆ سێ خول سێکرێتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی "ایران" بوو. لە بەشێک لەم پەرتووکەدا ئاماژە بە پرسی مامۆستا هێمن و بڕیاری کۆمیتەی ناوەندیی لەمەڕ بەخەیانەتکارپێناسەکردنی گرووپی حەوتکەسیی کراوە. "عبدالله حسنزادە" دەڵێت:

«دوایە هەر لە دەورانی مندا* بوو کە شتێکمان** دەرکردو ئەوەی پێی دەڵێن ئیعادەی حەیسییەت، ئیعادەی حەیسییەتمان لێ کرد.»[6] [هەڵەبڕیی ڕێنووس نەکراوە]

"عبدالله حسنزادە" بە خوێنەر دەبێژێت کە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی "ایران" لە سەردەمێکدا کە ئەو سێکرێتێری بوو، پێداچوونەوەی بەخەیانەتکارپێناسەکردنی هێمنی موکریانی کردەوە و حیسابی ئەویان لە باقی لادەرانی حیزب جیا کردەوە. لێرەدا مێژوو بە شێوەیەکی زارەکیی و بە بێ بڵاوکردنەوەی بەڵگەیەک خراوەتە بەرچاوی خوێنەر. دەکرێ خوێنەر لێکدانەوەی

---

[5] عبدالله حسنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، ئاوڕێک لە رابوردووی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، ئووتی ۱۹۹۵ی زایینیی، لاپەڕەی ۲۳۹

[6] ئەزموونی خەبات؛ ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی عەبدوڵڵا حەسەنزادە، ئامادەکردنی هەیاس کاردۆ، چاپی دووەم ۲۰۱۲ی زایینیی، سوید چاپخانەی ئەرزان، لاپەڕەی ۲۷۰

* لە دەورانی مندا: مەبەستی ئەوکاتەیە کە ئەو سێکرێتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی "ایران" بوو.

** شتێکمان دەرکرد: مەبەستی ئەوەیە بڕیارێکیان دەرکردووە.

جیاوازی بۆ ئەم دەقە هەبێت کە لە زمانی "عبدالله حسن‌زاده"ەوە بە چاپ گەییشتووە. گەلۆ "عبدالله حسن‌زاده" ڕۆڵی سەرەکیی لەم گرنگەدا هەبوو کە بەم شێوەیە باسی دەکات؟ گەلۆ کاری بنەڕەتی و ئامادەکاریی ئەم پێداچوونەوەیە لەناو حیزبدا لە لایەن ئەوەوە ئەنجام درابوو؟ زانیاریی زۆر بە گشتیی درکێندراوە. ئەمەی کە بۆ خوێنەر ڕوونە لابردنی بڕیارێکە لە سەر مامۆستا هێمن، بەڵام بە بێ بڵاوبوونەوەی ئەم زانیارییەش لەم پەرتووکەدا پێشتر جەماوەری کوردستان ئاگاداری ئەوە هەبوون کە ئەو بڕیارە نوێیە لەمەڕ مامۆستا هێمن لە لایەن حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی "ایران"ەوە لە سەردەمی سێکرێتێربوونی "عبدالله حسن‌زاده" دەرچووە. هەربۆیە لای خوێنەر دەکرێ ئەو تێگەییشتنە ساز بێت کە "عبدالله حسن‌زاده" ڕۆڵی سەرەکیی لە سەر ئەو پێداچوونەوەیە هەبێت. بڕێک دواتر جێگەی گومان بۆ خوێنەر ناهێڵێتەوە و دەبێژێت: «ئەو کارە بەئیبتیکاری منو بە پێشنیاری من کراوە.»[7]

لەکاتی پێداچوونەوەی ئەم پەرتووکەدا شەوێک لە نێو چەند کەسێکی هێژا باسی گرووپی حەوتکەسی و بڕیاری حیزب سەبارەت بە ئەوان کرا. لەوێ من بە پێی دیمانەی "عبدالله حسن‌زاده" ئاماژەم بە ڕۆڵی ناوبراو کرد، بەڵام "حسن رستگار" گێڕایەوە کە ئەو بڕیارەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی "ایران" لە سەر پێداگریی لێنەبڕاوانەی خۆی بوو و بەردەوام لەم پێوەندییەوە لە هەوڵدا بوو تا ئەو بڕیارە لە سەر مامۆستا هێمن لە لایەن حیزبەوە بسڕێتەوە![8] ئەم نموونەیە دەریدەخات کە ناکۆکییەکی تەواو دژ بەیەک لەمەڕ پرسێکی دیاریکراودا هەیە. خوێنەر تا ئەوکاتە لە گوماندا دەمێنێتەوە کە ڕوونکردنەوەی زیاتر لە سەر ئەم باسە لە لایەن دوو سەرچاوەی ئاماژەپێکراو بڵاو بێتەوە.

لە ئەگەری بەسەرچوونی کاتدا، تۆمارکردنی مێژووی زارەکیی چەتوونە و هەموو وردەکاریی ڕووداوەکان وەبیر نایەنەوە. هەر بۆیە هەڵسەنگاندنی مێژووە زارەکییەکان لە سەر تەوەرێکی تایبەت بە پێویست دەزاندرێت. هەندێکیش بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکی تایبەت لە گێڕانەوەی مێژووی زارەکیدا بەشێک لە

---

[7] ئەزموونی خەبات؛ ئاوڕێک لە ژیانو خەباتی عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە، ئامادە کردنی هەیاس کاردۆ، چاپی دووەم ٢٠١٢ی زایینیی، سوید چاپخانەی ئەرزان، لاپەڕەی ٢٧٠

[8] ئەم باسانە لە بنەڕەتدا باسی دۆستانەی نێو دانیشتنەکە بوون، هەربۆیە لەوێ عەرزی کاک "حسن رستگار"م کرد کە مادام بە نووسین بڵاو نەکرێتەوە، بەکار نایەت. کاک "حسن رستگار" فەرمووی: «ئاخر بۆیە لای تۆ باسی دەکەم چون مێژوو دەنووسییەوە و پێویستە بیزانی.» پرسیارم لێکرد: «ئاساییە ئەم زانیارییە لەم دانیشتنە دۆستانە بچێتە دەرێ؟» لە وەڵامدا فەرموویان: «بەڵێ بەڵێ».

زانیارییەکان سانسۆڕ دەکەن. سەرەڕای ئەوە کە پرەنسیپی تایبەت بۆ نووسینەوەی مێژوو دیاریی کراوە و شێوەی ڕێفرێنسدانیش شی کراوەتەوە، بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا وێڕای ئەوە کە بەڵگەی تۆمارکراو لەبەردەستدا هەیە، بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریی ناڕاست پاڵ بە مێژووی زارەکییەوە دەدەن.[9] نەیارانی کورد و کوردستان بە بەربڵاویی پەنا بۆ ئەم شێوەیە دەبەن و وەک کەرەستەیەکی چەواشەکردنی مێژوو کەڵکی لێوەردەگرن. "ایران"ییەکان دەستێکی باڵایان لەم چەشنە کارانەدا هەیە.[10] بیرەوەرییەکانی "محمد شاهپسندی"[11] و پێشەکیی پەرتووکی «سەدەی کارەسات»[12] لەو نموونە باشانەن کە سەلماندوویانە مرۆڤەکان لە تۆمارکردنی مێژووی زارەکیدا دەتوانن زانیاریی ناڕاست بڵاو بکەنەوە، هەرچەندە خاوەنی ناو و پێگەیەکیش بن. جیا لەمانەی کە ئاماژەی پێکرا، لە نووسینەوەی مێژووی زارەکیدا پێویستە ئێتیک لە لێکۆڵینەوە و نووسیندا وەبەرچاو بگیردرێت.[13] لە لایەکیترەوە بەم شێوەیەش نییە کە هەرچی ڕوویداوە هەروا بە بێ ڕەچاوکردنی زۆر دۆخ و قانوون باسی ڕووداوێک بکرێت. یەک لەو پرەنسیپانەی کە بۆ زۆربەی مێژوونووسانی وڵاتانی دواکەوتوو نامۆیە، قانوونەکانی پێوەندیدار بە نەدرکاندنی هەندێک زانیاریی تایبەتیی لەسەر مرۆڤەکانە. ئەم سانسۆڕە قانوونییانە پێوەندییان بە ژیانی تایبەتیی

---

[9] بۆ وێنە بڕوانە: سۆران کرباسیان، بڵاوکردنەوەی درۆ و بوختان لە ژێر ناوی خزمەت، گۆڤاری وڵات، ژمارەی یەکەم، ڕێبەندانی ٢٠١٤ی زایینی. لەم بەستەرەی ژێرەوەدا بارکراوە:
http://harikar.files.wordpress.com/2014/02/droubuxtan.pdf

[10] بۆ وێنە بڕوانە: سۆران کرباسیان، "رضا پهلوی"؛ کوێخایەکی نەخوازراو، ٧ی ٨ی ٢٠١٢ی زایینی، ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ. لەم بەستەرەی ژێرەوەدا دەست دەکەوێت:
http://harikar.files.wordpress.com/2014/05/reza.pdf
هەروەها بڕوانە: سۆران کرباسیان: سمکۆی کوردان و مار بێنیامین شیمۆنی ئاسۆڕی، ١١ی ٥ی ٢٠١٣ی زایینی، ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ. لەم بەستەرەی ژێرەوە دەست دەکەوێت:
http://harikar.files.wordpress.com/2014/05/mar.pdf

[11] بیرەوەرییەکانی محەمەد شاپەسەندی، ئامادەکردنی سدیق ساڵح، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٧ی زایینی

[12] برایم فەڕشی، سەدەی کارەسات، ئاڵمان ٢٠٠٧ی زایینی. لەم بەستەرەی ژێرەوەدا دەست دەکەوێت:
http://www.bokan.de/laperekan/nuseran/Braym/sede.pdf

[13] بۆ وەبەرچاوگرتنی قانوونە پێوەندیدارەکانی ئەم مژارە لە سەرچاوەی فەرمی و زانستیی نەرویژ کەڵکم وەرگرتووە. بڕوانە ئەم سێ سەرچاوەی ژێرەوە:

a) Forskningsetikkloven ، Lov om behandling av etikk og redelighet i forskning [forskningsetikkloven]. Dato LOV-2006-06-30-56 ، Kunnskapsdepartementet
b) Etikk i forskning, Norges forskningsråd
c) Etiske retningslinjer, De nasjonale forskningsetiske komiteene

مرۆڤەکانەوە هەیە و لە پاراستنی بەرژەوەندیی ئاسایشی حکومەتان جیایە. لێکۆڵەر و مێژوونووس پێویستە لەمەڕ هەندێک باس بێدەنگیی هەڵبژێرێت و لە درکاندنی زانیاریی خۆ بپارێزێت،[14] بە مەرجێک کە کاریگەریی لە سەر بەرژەوەندیی گشتی دانەنێت. گزەکردن لە لێکۆڵینەوە و نووسینەوەی مێژووش یەک لەو تەکنیکانەیە کە لە لێکۆڵینەوە و نووسینێکی بەرژەوەندخوازانەدا کەڵکی لێوەردەگیردرێت. لە وڵاتانی پێشکەوتوودا جیا لەوە کە قانوون و ڕێسای تایبەت بەم گرنگەش داڕشتراوە، تەنانەت ناوەندی لێپرسینەوەش بۆ ئەمجۆرە پرسانە دامەزراوە و لە ڕێگەی ئەوانەوە دەکرێت پێداچوونەوەی ساختەکاریی یان گزەیەک لە نووسیندا بکرێت.[15] لە هەمووی گرنگتر، هیچ نووسین و لێکۆڵینەوەیەکی ستاندارد و ئاکادێمیی ناتوانێت هەڵگری زانیاریگەلێک بێت کە بە مەبەستی داڕووشاندنی گرووپێکی ئێتنیکی تایبەت یان شکاندنی کەرامەتیان گەڵاڵە کرابێت. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بەکورتی ئاماژە بە نموونەیەک دەکەم کە ساڵانێکی زۆر کارم لەسەر کردووە، بەڵام هێشتا بە چاپ نەگەیشتووە.

"عرفان قانعی‌فرد" دەورێکی بەرچاوی لە چەواشەکردنی مێژووی کورد لەم ساڵانەی ڕابوردوودا هەبووە. کۆمەڵێک پەرتووکی بە چاپ گەیاندوون کە هەرکام لەوان پێویستە بە پێی بەڵگە و فاکت و بە لەبەرچاوگرتنی پرەنسیپەکانی نووسینەوەی مێژوو، لە پرۆژەی سەربەخۆدا پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت. هێندێک کاردانەوەیەکی نازانستیی لە لایەن چەند کەسایەتییەکی کوردەوە بەرانبەر نووسینەکانی "قانعی‌فرد" هەبووە، بەڵام هیچکامیان نەیانتوانیوە وەڵامێکی ئەوتۆی بدەنەوە و تەنیا هەوڵی ئەوەیان داوە کە لە ڕێگەی بە خۆفرۆشپێناسەکردنی ئەو بەرپەرچی بدەنەوە.[16] هەڵبەت بەڵگەی ویکیلیکس‌یش

---

[14] Eivind Smith, Taushetsplikt og kildevern for forskere, NESH, oSLO 1998, ISBN 82-7682-033-6, PP 26-42

[15] بۆ وێنە لە وڵاتی نەرویژ ناوەندێکی تایبەتی بۆ ئەم جۆرە پرسانە دامەزراوە.

De nasjonale forskningsetiske komiteene

پەرتووک و قانوونیش لە سەر ئەم تەوەرە گەڵاڵە کراوە و بڵاو بۆتەوە. بۆ وێنە بڕوانە:

Dag Elgesem, Kjetil Kolsrud Jåsund og Matthias Kaiser, Fusk i forskning, Oslo 1997, ISBN 82-7682-020-4

[16] لە دۆخی ستانداردا هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە کتێب بنووسێت، بەو مەرجە کە پرەنسیپەکانی نووسین و لێکۆڵینەوەی ستانداردی ڕەچاو کردبێت. لە ئەگەری لەبەرچاوگرتنی ئەو چوارچێوە و پرەنسیپانەدا تەنانەت جەنایەتکارێکیش مافی نووسینێکی ئاکادێمی هەیە. نووسینەکانی "قانعی‌فرد" پێویستە لە دەرەوەی بازنەی هەست و بڕیاری حیزبیدا شرۆڤە بکرێن و ناڕاستبوونی زانیارییەکانی بە شێوەیەکی بەڵگەمەند بخرێنەڕوو.

لە سەر "عرفان قانعیفرد" بڵاو بۆتەوە کە ئاماژە بەوە دەکات ناوبراو کار بۆ حکومەتان دەکات تا وێنەی کەسایەتییە کوردەکان خەوشەدار بکات.[17] بەر لەوە باسی یەک لە شێوەکانی چەواشەکردنی مێژووی کورد لە لایەن "عرفان قانعیفرد"ەوە بکرێت، بە پێویست دەزاندرێت هەندێک ڕوونکردنەوە لەمەڕ تەنیا «شەش» لاپەڕەی یەک لە پەرتووکەکانی بخرێتە بەرچاو کە لێرە وەک نموونە هەڵبژێردراوە. ساڵی ٢٠٠٩ی زایینیی بەرگی یەکەمی پەرتووکێک لە لایەن ناوبراوەوە لەژێر ناوی «پس از شصت سال» بڵاو بۆوە و "قانعیفرد" بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەو پەرتووکە ژیان و بیرەوەرییەکانی "جلال طالبانی"، سەرۆککۆماری "عراق" و سکرێتێری گشتیی حیزبی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەخۆ دەگرێت. تەنانەت بانگەشەی ئەوەشی کردووە کە ئەو پەرتووکە بە هاوکاریی خودی "جلال طالبانی" ئامادە کراوە. لەم پەرتووکەدا جیا لەوە کە بێڕێزییەکی زۆر بە نەتەوەی کورد کراوە و وێنەی گشتیی ئەو نەتەوەیە خەوشەدار بووە، بێڕێزیی بە کۆمەڵێک کەسایەتیی ناسراوی نەتەوەی کوردیش کراوە. بەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم پەرتووکە دەنگی ناڕەزایی کۆمەڵێک کەسایەتیی کورد بەرز بۆوە، بەڵام زۆربەی کاردانەوەکان زیاتر لەبەر بوختانێک بوو کە وەپاڵ "مصطفی" بارزانی درابوو. "مصطفی" بارزانی جگە لەوە کە کەسایەتییەکی کاریزماتیکی نەتەوەی کوردە و بۆ ماوەیەکی درێژ سەرکردەی بزووتنەوەی کورد بوو، لە لایەن زۆربەی هۆزی بارزانی و پارتی دیمۆکراتی کوردستانەوە بە هێڵی سوور دەدانرێت و وەک باوکی ڕۆحی کورد ناوی دەبەن. هەر ئەوانیش بوون کە هەر لە سەرەتاوە کاردانەوەی بەرچاو و بەربڵاویان لە بەرانبەر پەرتووکەکەی "قانعیفرد" نیشان دا. بەدوای ئەوانیش کۆمەڵێک کەسایەتیی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان کاردانەوەیان لە خۆیان نیشان دا و لە دژی ئەو پەرتووکەی ناوبراو و بەتایبەتیی نووسەرەکەی دوان و نووسییان. زۆربەی کاردانەوەکان بۆ بەرگریکردن لە "مصطفی" بارزانی و وەدرۆخستنەوەی ئەو بوختانانە بوو کە "قانعیفرد" وەپاڵ "مصطفی" بارزانی دابوو. ئەوەی کە جێی سەرسووڕمان بوو، هاوکاریی د. "کمال فواد"[18] لە ئەندامانی دامەزرێنەری حیزبی یەکێتی نیشتمانی

---

[17] www.wikileaks.org , BBC Monitoring Alert – IRAQ, The Global Intelligence Files, File Nr. 5543061, Email-ID: 666711, Date: 2010-08-13, from marketing@mon.bbc.co.uk to translations@stratfor.com

[18] دواتریش د. "کمال فواد" بەڵگەیەکی ساختەی لەمەڕ مێژووی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بڵاو کردەوە و لە بەرانبەر مژارێک کە لەسەری نووسرا، بێدەنگیی هەڵبژارد. بڕوانە "حسن ایوبزاده"، وتارێکی

کوردستان بوو[19] که دوو لاپەڕەی ڕوونکردنەوە بۆ پەرتووکەکەی "قانعیفرد" نووسیوە.[20] لە هەمانکاتدا نووسینگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە "طهران" لە ئاپریلی ٢٠٠٩ی زایینیدا بەشداری ناساندنی پەرتووکی "قانعیفرد"ی کرد،[21] بەڵام ئەم هاوکارییە زۆرتر لە هاوکاریی نێوان نووسەری پەرتووکەکە و تاقمێکی نێو یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەچوو، چون کاتێک "جلال طالبانی" بە ناوەڕۆکی پەرتووکەکەی زانی، حاشای لێکرد. دەفتەری سیاسیی حیزبی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکی فەرمییدا ڕایگەیاند کە ئیمزاکەی "جلال طالبانی" لە لایەن "قانعیفرد"ەوە "جعل" کراوە و گوتیان "قانعیفرد" تەنیا یەک دانیشتنی دەگەڵ "طالبانی" هەبووە و کتێبەکەی لە لایەن "طالبانی"یەوە "تأیید" ناکرێت.[22] لە ڕێکەوتی ١٥ی ٨ی ٢٠١٠ی زایینیشدا "طالبانی" مژارێکی لەژێر ناوی «(بارزانی نەمر) سیمبولی نەتەوەییمانە» لە ڕۆژنامەی هەولێر بڵاو کردەوە و کتێبی "قانعیفرد"ی بە پلانێکی سیاسیی پێناسەکرد تا لێکۆڵینەوەیەکی زانستی.[23]،[24]،[25] کارەسات لێرەدا بوو کە کاردانەوە بەرانبەر نووسینەکانی

---

مێژوویی؛ بەڵگەیەکی تەزویریی لە پەنای ٩٢ ژمارەی "ڕۆژنامەی کوردستان"ی سەردەمی کۆمار؟! ئەم بابەتە لەم بەستەرەی ژێرەوەدا بارکراوە:

http://harikar.files.wordpress.com/2014/04/tezwir.pdf

[19] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ڕۆژنامەی سیاسی – گشتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، شەش دەیە خەبات، ژمارە ٥٩٨١، ڕێکەوتی ٢٠ی ١ی ٢٠١٣ی زایینیی، لاپەڕەی سێ.

[20] عرفان قانعیفرد، پس از شصت سال؛ زندگی و خاطرات جلال طالبانی، جلد اول، چاپ دوم، تهران آذر ١٣٨٨ [ه. ش.]، لاپەڕەکانی ١١–١٢

[21] ماڵپەڕی کوردیش پێرسپێکتیڤ، سەردان لە ڕێکەوتی ٢٠ی ٨ی ٢٠١٠ی زایینی. لەم بەستەرەی ژێرەوەدا بارکراوە:

http://harikar.files.wordpress.com/2014/05/kp1.pdf

[22] بڕوانە ئەم سەرچاوانەی ژێرەوە:

a) ماڵپەڕی کوردیش پێرسپێکتیڤ، هەمان سەرچاوەی پێشوو.
b) دفتر جلال طالبانی اعلام کرد: جعل امضاء رئیس جمهور توسط عرفان قانعیفرد (جاسوس جمهوری اسلامی)، ماڵپەڕی "بالاترین" سەردان لە ڕێکەوتی ٢٨ی ٨ی ٢٠١٠ی زایینی. لەم بەستەرەی ژێرەوەدا بارکراوە.

http://harikar.files.wordpress.com/2014/05/balatarin.pdf

[23] ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە ٨٤٦، ١٥ی ٨ی ٢٠١٠ی زایینی، لاپەڕەکانی ١ و ٧

[24] هەر لەم پێوەندییەوە بڕوانە دەقی قسەکانی "جلال طالبانی" لە ڕۆژنامەی خەبات، ڕێکەوتی ١٥ی ٨ی ٢٠١٠ی زایینیی. ئەم بابەتە لەم بەستەرەی ژێرەوەدا بارکراوە:

https://harikar.files.wordpress.com/2014/06/xebat150810.pdf

[25] دیمانەیەکی ڕۆژنامەوانیی دەگەڵ "جلال طالبانی" لەسەر "عرفان قانعیفرد" و بڵاوکردنەوەی درۆ و بوختان لە ڕێکەوتی ١٦ی ٨ی ٢٠١٠ی زایینیی ئەنجام درا. لەم دیمانەیەدا "جلال طالبانی گوتی":

"قانعی‌فرد" زۆرتر لەسەر ئەو بوختانانە بوو کە وەپاڵ "مصطفی" بارزانی درابوو. جیا لەوە کە ئەو بەشە لە چەواشەکارییەکانی پەرتووکەکەش تا بە ئێستا بەشێوەیەکی زانستیی بەرپەرچ نەدراونەتەوە، کاردانەوەیەکی ئەوتۆش بەرانبەر باقی چەواشەکارییەکان نیشان نەدراوە! یەک لە مێتۆدەکانی چەواشەکردن لە پەرتووکی «پس از شصت سال»ی "قانعی‌فرد"دا ژێرپێنانی شێوەی ریفرێنس‌دانە. لە نموونەیەک کە لێرەدا دەخرێتە بەرچاو، "قانعی‌فرد" چەند تەکنیکێکی ساویلکانەی بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریی ناڕاست بەکار بردووە. ئەو لە بەشێک لە پەرتووکەکەیدا باسی دادگاییکردنی پێشەوای کوردان، سەرۆکی دەوڵەتی سەربەخۆی کۆماری کوردستانی کردووە. ئەو لە دەکارگرتنی دەستەواژە مێژووییەکان لە ناوی ساختە کەڵکی وەرگرتووە، بۆ وێنە وەک کۆماری مەهاباد لە جێگەی «کۆماری کوردستان».[26] "قانعی‌فرد" دەگەڵ بەڵگە و سەرچاوەی جێمتمانە گرفتی هەیە و بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆی لە سەرچاوە و بەڵگە خۆدەپارێزێت. باسێکی کە "قانعی‌فرد" لەم بەشەی پەرتووکەکەیدا بڵاوی کردۆتەوە، شەش لاپەڕە لە خۆی دەگرێت.[27] ئەمەش گرنگە بگوترێت کە لە چاپی دووهەمی پەرتووکەکەی کەڵک وەرگیراوە کە دەکرێ خوێنەر وای بۆ بچێت هەڵەی چاپی یەکەمی تێدا چارەسەر کرابێت. لەو شەش لاپەڕەیەدا کۆمەڵێک باسی

---

«هەروەها لەبارەی قانعی فەرد و نزیکی لە مام جەلال کە پرسیارێکی دیکەی رۆژنامەنوسان بوو گوتی: دەمەوێ ئەوە راست بکەمەوە کە ئەو پیاوە بە هیچ شێوەیەک لێم نزیک نەبووە، بەڵکو کاتێک هات داوای لێکردم وەڵامی چەند پرسیارێکی بدەمەوە کە گوایە نامەی دکتۆراکەی دەنوسێ، پێشی گوتم کە چومەتە لای کلینتۆن و فلانەکەس من گوتم باشە بەڵام بە مەرجێک وەڵامەکانم تۆماربکات و نەیشێوێنێت، دوای ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانم دایەوە من لەشێوەی کارەکانی کەوتمە شکەوە، لەبەرئەوە خۆم لێ دوورخستەوە تەنانەت برادەران باسی بڵاوکردنەوەی کتێبەکەیان دەکرد من گوتم نەخێر چونکە بۆ سومعەی ئێمە خراپە، پاشان ئەگەر بمزانیایە بەوشێوەیە دەکات، وەڵامی پرسیارەکانیشم نەدەدایەوە. خۆ من قەڵەمم هەیەو کوردی وعەرەبیش دەزانم بۆ خۆم ئەو شتە مێژووییانە نەنووسم بۆ بەوی بنووسم؟بەڵێ ئەو بەهەڵە سوودی لەو دەرفەتە وەرگرت بەڵام من دەپرسم ئەو ئەگەر تێزی ماستەرو دکتۆرای هەبێت بۆ یەکسەر قسەو دیدارەکان بڵاودەکاتەوە؟تۆ لەکلینتۆن تا تاڵەبانی لەگەڵ کەسانێکدا قسەت کردبێ بۆچی پێشی پێشکەشکردنی بابەتەکان دەخەیتە بەر بڵاوکردنی تێزەکە؟خۆ منیش دژی ئەو نەبووم تەنانەت زۆر جار وەڵامی ڕۆژنامەنووسی وام داوەتەوە کەدژی منیش بوونە، یەک لەهەڵەکانی ئەو کەسەش ئەوەبوون کە جیاوازیی لەنێوان بارزانیی نەمرو مەلامستەفای باوکی کاک فاروقی مەلامستەفا نەکردووە.» دەقی دیمانەکە لەم بەستەرەی ژێرەوەدا بارکراوە:
https://harikar.files.wordpress.com/2014/06/160810.pdf

[26] عرفان قانعی‌فرد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی ٢٢٥

[27] عرفان قانعی‌فرد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی ٢٢٤–٢٣٠

جۆراوجۆر هاتۆته ئاراوه. له هەندێک شوێن له تەکنیکی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ (Quotation) کەڵکی وەرگرتووه.[28] گێڕانەوه ڕاستەوخۆکانی ناوبراو پێوەندییان به مژار و زەمەنی جۆراوجۆر هەیه و له لایەن کەسانی جۆراوجۆرەوه گواستراونەتەوه! ناکرێ هەموویان سەرچاوەیەکیان هەبێت، بەڵام "قانعیفرد" له هیچکام لەو بەشانەی که له تەکنیکی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ کەڵکی وەرگرتووه، ئاماژەی به سەرچاوەی زانیارییەکانی نەکردووه! له کۆی ئەو شەش لاپەڕەیەدا تەنیا یەکجار ئاماژەی به سەرچاوه کردووه.[29] واته بۆ خوێنەر ڕوون نییه که خاوەنی ئەو زانیارییانه کێن که "قانعیفرد" دەقی تێکستەکەی وەک گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ لێ گواستوونەوه! تەکنیکێک که ئەو بۆ ڕێفرێنسدان کەڵکی لێوەرگرتووه لەگەڵ هیچکام له پێوەره ئاکادێمییەکاندا ناگونجێت. ئەو له تاقه سەرچاوەیەکی که ئاماژەی پێکردووه له مۆدێلێک کەڵکی وەرگرتووه که لای هیچ ناوەندێکی ئاکادێمی ئاشنا نییه! کۆمەڵێک ناوی له پەنای یەکتر ریز کردوون و به ڕواڵەت وا نیشان دەدات که ئاماژەی به سەرچاوه کردووه و لەم ڕێگەیەوه هەوڵ دەدات به خوێنەری بقبووڵێنێت که زانیارییەکانی جێمتمانەن. ناوەکانیش بریتین له "مکرم طالبانی"، "جلیل گادانی"، "نادر انتصار"، "یحیی صادق وزیری"، "داریوش همایون"، "صارمالدین صادق وزیری"، "محمد مهرآسا"، "عیسی پژمان"، پشدەری، "شیخ جنگی" و "کمال فواد".[30] بەر له هەر شتێک ناوەکانی «پشدەری» و «شیخ جنگی» سەرنجم ڕادەکێشن. ناوی پشدەری ڕوون نییه نێره یان مێ، ناوی بچووکی چییه یان سەر به گرووپێکه! ئینجا ڕوون نییه که ئەو دوو ناوه چ پێوەندییەکیان به دادگاییکردنی سەرۆککۆماری کوردستان هەیه! له هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی و له دەقی دادگاییکردنی سەرۆککۆماری کوردستان و له ڕۆژنامه و بڵاوکراوەکانی سەردەمی کۆمار و دوای کۆماریشدا هیچ ئاماژه بەم دوو ناوه نەکراوه. له ناو ناوەکانی دیکەدا ناوگەلێک ریزکراون که له کاتی دادگاییکردنی سەرۆککۆماری کوردستاندا منداڵ بوون. چلۆن دەکرێ ئەمجۆره کەسانه که بەشداری پرۆسەی دادگا نەبوون وەک سەرچاوەی زانیاریی بۆ "قانعیفرد" ناو هێنرابێن؟! له هەمووی گرنگتر ئەوەیه لەو شەش لاپەڕەیەدا و

[28] عرفان قانعیفرد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی ۲۲٤، ۲۲٦، ۲۲۸، ۲۲۹ و ۲۳۰

[29] عرفان قانعیفرد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی ۲۳۰

"قانعیفرد" لەو لاپەڕەیەدا ئاماژەی به سەرچاوەی ژماره ۱۸۹ کردووه.

[30] عرفان قانعیفرد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی ۲۹٤

له تاقەسەرچاوەکەی "قانعیفرد"دا دیاریی نەکراوە ئەو کەسانە خاوەن کام بەش لە دەقەکانی ئەو شەش لاپەڕەیەن! ئەمجۆرە نووسین و ڕێفرێنسدانە جێگەی گومانە و ناکرێ لە چوارچێوەی فۆڕمێکی زانستیدا پۆلێنبەندی بکرێت. ئەنجامی ئەو جۆرە ڕێفرێنسدانەش هەر ئەو پەرتووکەی لێدەکەوێتەوە کە پڕە لە هەڵەی زانستی و دەکرێ بزانرێت ئەو بە ئانقەست بۆ چەواشەکردنی مێژوو ئەو کارەی کردووە. کاتێک کە هیچ بەڵگە و سەرچاوەیەکی جێمتمانە بۆ پرسی دادگاییکردنی سەرۆککۆماری کوردستان لەبەردەستدا نەبوایە، ئاسایی بوو کە "قانعیفرد" پەنای بۆ مێژووی زارەکی بردبا. "قانعیفرد" بە شێوەیەکی مەبەستدار خۆی لە بەڵگەی جێمتمانە دەشارێتەوە. دەقی دادگایی سەرۆککۆماری کوردستان پێشتر لە سەردەمی پاشایەتیدا لە لایەن کەسانی سەر بە حکومەت و حیزبی "تودە"وە بڵاو ببۆوە. کەسێک بە ناوی "کیومرث صالح" دەقی پڕۆسەی دادگایی سەرۆککۆماری کوردستانی بڵاو کردبۆوە. سەروان "کیومرث صالح" لە دادگای سەرۆککۆماری کوردستان، "ابولقاسم صدر قاضی" و "محمد حسین سیف قاضی"دا بەشدار بوو و ڕاپۆرتەکان لە لایەن ئەوەوە ئامادە کرابوون. ئەو خوشکەزای سەرلەشکەر "فریدون جم" بوو.[31] "کیومرث صالح" لە ڕاستیدا ڕاپۆرتی بۆ "ستاد ارتش ایران" نووسیبوو تا لە ئارشیوی "رکن دو"دا ڕابگیردرێت. ڕاپۆرتەکانی ئەو کاتێک کە لە گۆڤاری ئەرتەشی "ایران"دا بڵاو کراوە، تووشی کێشەی کرد و بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی بەڵگەی نهێنی، پلە و جلکی ئەرتەشییان لێ داماڵی. بە پێی ئەو زانیارییانەی کە حیزبی توودە بڵاوی کردبۆوە، "کیومرث صالح" ڕاپۆرتەکانی خۆی بەبێ سانسۆر لە مانگنامەی ئەرتەش و پرسە نهێنییەکانی لە "ویژەنامە"ی "تاج کیانی"دا بە چاپ گەیاند. ئەو لە سەر ئەو کارە داوای لێکرا بۆئەوەی لە دادگای ئەرتەشدا ئامادە بێت. دادگا بە تاوانی لەقاودانی هەواڵ و بەڵگە نهێنییەکانی دادگاییکرانی "قاضی"یەکان سزای دا. پلەی سەروانی لێوەرگیراوە و ماوەی ساڵێکیش لە بەندیخانە کرا. مانگنامەکەش داخرا و ئیتر کۆتایی بە ژیانی چاپەمەنییەکە هات.[32] تەنانەت گەر "قانعیفرد" لەگەڵ لێکۆڵەر و مێژوونووسیش

---

[31] "فریدون جم" زاوای "محمد رضا سوادکوهی (پهلوی)" پاشای ئەوکاتی "ایران" بوو. "شمس سوادکوهی (پهلوی)" خاڵۆژنی سەروان "کیومرث صالح" بوو.

[32] گزارش خبرنگار ارتش شاهنشاهی از محاکمه و اعدام قاضی محمد، انتشارات حزب توده ایران، ص ١
ئەم بڵاوکراوەی حیزبی "توده ایران" دەتوانن لەم بەستەرەی ژێرەوەدا ببینن.
http://harikar.files.wordpress.com/2013/04/hezb-e-tudeh.pdf
ئەمەی ژێرەوەش بەستەری ڕاستەوخۆی بابەتەکەیە لە ماڵپەڕی حیزبی "توده ایران"دا.

دیمانەی کردبا، پێویست بوو ئەوان لە وەڵامی "قانعیفرد"دا ئاماژە بە دەقی دادگایی "قاضی"یەکان بکەن. سەرچاوە ئەمە نییە کێ قسە دەکات، بەڵکوو متمانەی زانیاریی بۆ جێمتمانەبوونی بەڵگە و لۆژیکبوونی فاکت دەگەڕێتەوە، گرنگێک کە لە زۆرینەی بەشەکانی پەرتووکی "قانعیفرد"دا ڕەچاو نەکراوە. هەر لەو شەش لاپەڕەیەی پەرتووکەکەی "قانعیفرد"دا ئاماژە بە زانیارییەک کراوە کە لێوردبوونەوەی هیچ چەشنە گومانێک لەسەر بڵاوکردنەوەی زانیاریی ناڕاست لە لایەن "قانعیفرد"ەوە ناهێڵێت. ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات کە کاتێک "ابولقاسم صدر قاضی" دەگیردرێت، هیچکام لە نوێنەرانی پارلەمانی "ایران" کاردانەوەیان لە خۆیان نیشان نەداوە.[33] لەوکاتەدا "ایران" خاوەن هیچ پارلەمانێک نەبووە. واتە لەوکاتەدا کە "ابولقاسم صدر قاضی" گیراوە و تا کاتێکیش کە لە سێدارە دەدرێت، "ایران" لە بوونی پارلەمان و ئەندام پارلەمان بێبەر بووە. خولی چاردەیەمی پارلەمانی "ایران" لە ڕێکەوتی ١٢ی ٣ی ١٩٤٦ی زایینیی بۆ ماوەیەکی زۆر دادەخرێت. خولی پازدەیەمی پارلەمانی "ایران"یش لە ڕێکەوتی ١٧ی ٧ی ١٩٤٧ی زایینی واتە وەرزێک پاش لەسێدارەدانی "قاضی"یەکان دەکرێتەوە.[34]،[35]

بڵاوکردنەوەی زانیاریی ناڕاست و هەڵە لەسەر نەتەوەی کورد هەرکات لە ڕووی پلانێکی سیاسیی نییە. لە هەندێک حاڵەتدا دەبینرێت کە مرۆڤەکان لە ڕووی ناوشیاریی و نەبوونی زانستەوە زانیاریی هەڵە بڵاو دەکەنەوە. بەم شێوەیە نییە کە هەر کەس زانیاریی ناڕاست لەمەڕ کورد و کوردستان بڵاو بکاتەوە لە ڕووی پلانێکی سیاسییەوە بێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ناکرێ بەرانبەر ئەمجۆرە نووسینانە بێدەنگیی هەڵبژێردرێت.[36]

---

http://www.rahetudeh.com/rahetude/Sarmaghaleh-vasat/PDF/april-2005/gozaresh-ghazi-mohamad.pdf
گەر لە داهاتوودا بەستەری حیزبی "تودە" کار نەکات، دەتوانن سەیری ئەم فیلمە بکەن کە لە ماڵپەڕی ئەو حیزبە هەڵگیراوە بۆ ئەوەی خوێنەر گومان لە ئاماژەدان بە سەرچاوەکە نەکات. بەستەری فیلم بۆ هەتاهەتایە چالاک دەمینێتەوە.

https://vimeo.com/63129763

[33] عرفان قانعیفرد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی ٢٢٥

[34] پێشتر لە مژارێکدا کە پتر لە دوو ساڵ بەر لە ئێستا بە چوار زمان بڵاو بۆوە، ئەم بەشە لە ڕاستییەکان بە پێی بەڵگەکانی پارلەمانی "ایران" خراوەتەڕوو. بڕوانە سۆران کرباسیان، کۆماری سەربەخۆ و "مستقل"ی کوردستان؛ گەڕانەوە بۆ ڕاستییەکان، ئۆسلۆ ٢٠١٢، لاپەڕەکانی ١٨–٢١
ئەم نامیلکەیە لەم بەستەرەی ژێرەوەدا بارکراوە:

http://harikar.files.wordpress.com/2014/05/komar.pdf

[35] ئەم کورتە لێوردبوونەوەیە بەشێکی زۆر کەمە لە لێکۆڵینەوەیەکی ورد کە لە داهاتوودا بڵاو دەبێتەوە.

[36] I STORMENS ØYE, ISBN: 9788282650854, Dreyer 2013 OSLO, Haci Akman, P 9

## پێوەری کارکردن لەسەر ئەم پەرتووکە

لێرەدا جیا لەوە کە خوێنەر دڵنیا دەکرێت لە بەشی دۆکیومێنتاری ئەم پەرتووکەدا زۆر بە ئەمانەتەوە زانیاریی خستراوە بەرچاوی خوێنەر، هەوڵیش دراوە تا ئەو جێگەیەی ڕێگە هەیە شێوەی دەربڕینی مێژووی زارەکیی کاک "رسول پیشنماز" لە تێکستێکی ستاندارد نزیک بکرێتەوە. گەر لە شوێنێک نەختە ناڕێکییەک وەبەر چاو بکەوێت، تەنیا لەبەر ئەوەیە کە ناوەڕۆکی باسەکە بپارێزرێت. بیرەوەرییەکانی کاک "رسول پیشنماز" بە هاوکاریی چوار کەسان ساڵێک بەر لە ئێستا ئامادە کرا و لە پەرتووکێکدا بە ناوی «سەربردەی ژیانم» بە چاپ گەییشت. بە هۆی ئەوە کە پەرتووکەکە هەڵەی زۆری تێدا بوو، لە لایەن خاوەنی کتێبەکە بە باش زانرا هەڵەکانی ڕاست بکرێنەوە و سەرلەنوێ چاپ بکرێتەوە. کاک "رسول پیشنماز" داوایکرد کە من ئەم کارە وەئەستۆ بگرم. هەر لەم پەیوەندییەوە دۆستانی هێژا پۆلا نانەوازادە و وریا ماملێ قسەیان لەگەڵ کردم. بەهۆی ئەوە کە کاک "رسول پیشنماز" لە زەمەنێکی بەرفرەوانی مێژووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی "ایران"دا بەشدار بووە و لەو ماوەیەشدا ڕووداوگەلێکی هەستیار و گرنگ ڕوویان داوە، زۆر بە سەرنجەوە بیرم لە پێشنیارەکە کردەوە. لەو ماوەیەدا کە ئەو لە ریزی خەباتکارانی حیزبی ناوبراودا بوو، چەند تراژێدییەک ڕوو دەدەن کە پێویستە هەر لێکۆڵەرێک بە پارێزەوە خۆی لێبدات. بۆ وێنە یەکێک لەو ڕووداوە لەبیرنەکراوانە بەسەرهاتی کۆمەڵێک نیشتمانپەروەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک "احمد توفیق"، "سلیمان معینی" و هتدە. پاش ئەوە کە پەرتووکەکەم خوێندەوە، بینیم کە کاک "رسول پیشنماز" لەچاو سەرچاوەکانی پێشووتری مێژووی زارەکیی باشتر باسی کەسایەتی و مێژووی "سلیمان معینی" و "احمد توفیق" و حدک دەکات، هەربۆیە بە دانانی هەندێک مەرج قبووڵم کرد دارشتنەوەی ئەم پەرتووکە وەئەستۆ بگرم. بەهۆی ئەوە کە شێوەی داڕشتن و نووسینی کتێبی ناوبراوم بە دڵ نەبوو، سەرلەنوێ بە قەڵەمی خۆم نووسیومەتەوە و بەو شێوەیەی بە دروست دەزانرێت داڕێژراوە. لە ڕاستیشدا گەر کتێبەکە تەنیا پێویستی بە هەڵەبڕیی بوایە، پێویست بوو بە کەسێک سپێردرابا کە شارەزایی تایبەتیی لەو بوارەدا هەیە، فاکتەرێک کە لە مندا بەدی ناکرێت.

لەم پەرتووکەدا دەبیندرێت کە هەندێک زانیاریی وەک پەراوێز بە ناوی کاک "رسول پیشنماز" داندراون. لە هەندێک شوێن ئەو زانیارییانەی کە لە دەرەوەی

باسدا بوون، جیا کراونەتەوە و وەک پەڕاوێز خراوەتە بەرچاوی خوێنەر. لە ماوەی کارکردن لەسەر ئەم پەرتووکە، لە هەر شوێنێکدا کە بە وردیی لە باسەکان نەدەگەیشتم، پەیوەندیم بە کاک "رسول پیشنماز"ەوە دەگرت و ئەو شتانەی بۆ شی دەکردمەوە کە لێیان تێنەدەگەیشتم.

لە هەندێک شوێن دەبیندرێت کە سەرچاوە و پەڕاوێز بە ناوی «سۆران کرباسیان» داندراوە. ئەمە لەبەر دوو هۆکارە، یەکیان لەبەر بەرپرسیارەتییەکە کە مرۆڤ ئەشێ وەئەستۆی بگرێت و دووهەم لەبەر ئەوەیە خوێنەر ئاگادار بکرێتەوە چ شتێک لە وەشانی دووهەمی پەرتووکدا زیاد کراوە.

بەرپرسیارەتیی تێکست و زانیارییەک کە لەم پەرتووکەدا بڵاو بۆتەوە بە ڕوونی دابەش کراوە. لە کاتی نووسینەوەی ئەم پەرتووکەدا بەهۆی ئەوەی کاک "رسول پیشنماز" ئاماژەی بە پەرتووکی دیکە کردبوو، ناچار بووم ئەو پەرتووکانەش بخوێنمەوە. کتێبەکانی بەڕێزان "خدر" مەرەسەنە، "سعید" کوێستانی، "امیر قاضی"، "عبدالله حسنزاده"، "جلیل" گادانی، مامۆستا هەژاری موکریانی، "کریم حسامی" و زۆر سەرچاوەی دیکەم خوێندنەوە و بۆ نووسینەوەی ئەم پەرتووکە وەبەرچاو گیراون. لە چەند بەشێکی چاپی یەکەمی ئەم پەرتووکەدا باسی چەند کەسایەتییەک کراوە کە لەم چاپەدا لابراون. ئەمە بە مەبەستی سانسۆڕ ئەنجام نەدراوە، بەڵکوو لەبەر ئەوە بووە کە سەرچاوەی باسکراو هەڵگری ئەو شتە نەبووە کە لە چاپی یەکەمی ئەم پەرتووکەدا بانگەشەی کرابوو.

لە بەشی کۆماری کوردستان و چەند شوێنێکی دیکە زانیاریی بەم پەرتووکە زیاد کراوە. پێویستە خوێنەر ئەمە بزانێت کە من کتێبی کاک "رسول پیشنماز"م نەکردۆتە گۆڕەپانی بڵاوکردنەوەی نووسینی خۆم، بەڵکوو خودی کاک "رسول پیشنماز" حەزی لەوە بووە کە زانیاریی ڕاست لەسەر کورد و بە تایبەتیی لەسەر کۆماری کوردستاندا بڵاو بکرێتەوە.

لە هەندێک شوێنی پەرتووکدا سانسۆڕی زانیاریم بە مەبەستێکی ئەرێنی کردووە کە هیچ ڕەخنەگرێک ناتوانێت دژایەتیی لەگەڵدا بکات. کاک "رسول پیشنماز" لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی خۆیدا هەم زانیارییەکی زۆری لە بیر ماون و هەم ئەوە کە زۆر پەرۆشە باسی هەموو ئەو کەسانە بکات کە لە ژیانی سیاسیی خۆیدا دەگەڵیان ئاشنا بووە. لە هەندێک شوێندا هەوڵی داوە زانیاریی زۆر ورد لەمەڕ کەسانێک و بنەماڵەکەیان بلاو بکاتەوە کە لە ڕاستیدا لە

دەرەوەی باسی پەرتووکدا بوون. لێرەدا تەنیا بە مەبەستی ڕێکخستنی باسەکان و سازنەکردنی سەرهێشە بۆ خوێنەر ئەم بەشانە سانسۆڕ کراون. کاک "رسول پیشنماز" لەم جۆرە قرتاندنانە ئاگادار کراوەتەوە. لە هەندێک شوێن ڕێکەوتی کالەندەری کۆچی هەتاویی گۆڕدراوە بە کالەندەری زایینی. ئەم کارە بە ئەم مەبەستە ئەنجام دراوە کە خوێنەری هەر بەشێکی کوردستان بە سانایی لە باسەکان بگات. هاوکات لە ئەگەری وەرگێڕانی ئەم پەرتووکە بۆ سەر زمانێکی دیکە، ئەم ئاسانکارییەش کراوە. بۆ گۆڕینی ڕێکەوتی نێوان کالەندەرەکان لە بگۆڕی کوردیپێدیا کەڵک وەرگیراوە.[37]

وەک لەم بەشە و لە پەڕاوێزە دیاریکراوەکاندا دەبیندرێت، نووسەری ئەم دێڕانە بە درووستی دەزانێت کە ئەو وشە بێگانانەی لە زمانی ماکدا بە پیتی ئارامی دەنووسرێن وەک خۆی بنووسرێنەوە. ئەمە جیا لەوە کە پاساوی زانستیشی هەیە، لە هەندێک شوێندا یارمەتیدەری پاراستنی مێژوو دەبێت (بۆ وێنە بڕوانە وشەی "طهران" لەم پەرتووکەدا). دەقی تێکستی کتێبەکەی کاک "رسول پیشنماز" لەسەر داوای کاک پۆڵا نانەوازادە و خودی کاک "رسول پیشنماز" بەوجۆرە نووسراوە کە دەبیندرێت.

وێڕای ئەوە کە بەردەوام لە کاتی کارکردن لەسەر ئەم پەرتووکە لەگەڵ کاک "رسول پیشنماز" لە پەیوەندیی تەلەفوونیدا بووم، پاش تەواوبوونی ئەم پەرتووکە یەکترمان بینی و بەیەکەوە پێداچوونەوەی ناوەڕۆکی باسەکانی کتێبی بەردەستمان کردەوە. لە هەندێک شوێنی ئەم پەرتووکەدا بابەتەکان بە پێی کات پۆلێنبەندیی نەکراون. بە دوو هۆکار ئاڵوگۆڕێک بەسەر نەخشەی پەرتووکەکەدا نەهاتووە.

1) لە وەشانی پێشووی پەرتووکدا کە من هیچ ڕۆڵێکم لە ئامادەکردنیدا نەبووە، ئەم گرنگە ڕەچاو نەکرابوو. هەروەها خاوەن ئەم بڕیارەش نەبووم کە دەستکاری نەخشەی کتێبەکە بکەم و بیگۆڕم.
2) ئەگەرچی پۆلێنبەندیی ناوبراو لەبەرچاو نەگیراوە، بەڵام بە وردبوونەوەم لە باسەکان و نەخشەی پەرتووکەکە دەرکەوت کە ڕەچاونەکردنی ئەم پرەنسیپە بە مەبەستی شێواندنی مێژوو نەبووە و تەنیا بۆ ناشارەزایی ئەو کەسانە دەگەڕێتەوە کە وەشانی پێشووی ئەم پەرتووکەیان بۆ چاپ ئامادە کردبوو.

---

[37] www.kurdipedia.org

لەمەڕ زمانێک کە بۆ ئەم پەرتووکە بەکار هاتووە، پێویستە ئەمە بگوترێت کە دەستم بە تەواویی ئاوەڵا نەبوو. ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە پێشتر ئەم کتێبە بە چاپ گەییشتبوو و نەمدەتوانی بە دڵی خۆم وا نەخشەی کتێبەکە بگۆڕم کە وێنەیەکی ڕوونتر لەوەی هەیە بۆ خوێنەر وێنا بکرێت. ئەمە زمانێکە لەگەڵی گەورە بووم و بە سەرنجی خۆمەوە فێری بووم. لەگەڵ ئەوەش هاریکاریی هاوڕێی وردبین و دەلالم "اسماعیل اسماعیلزادە" دەستی باڵای لە کەمکردنەوەی هەڵەکان و گەڵاڵەکردنی جوانتری باسەکاندا هەبووە. لەو ماوەیەدا "اسماعیل اسماعیلزادە" زۆر بە پەرۆشەوە لە دووجار پێداچوونەوەی تێکستی پەرتووکەکەدا هاوکاریی کردووم. لەم ماوەیەشدا کە لەسەر ئەم پەرتووکە کارم کردووە، بەردەوام کاکەکان پۆڵا نانەوازادە، وریا مامڵێ، "اسماعیل اسماعیلزادە"، "عطا جمالی" هانیان داوم و وزەیان پێبەخشیوم تا دڵم بە کارەکە خۆشتر بێت و بە ئەنجامی بگەیێنم. لە پەنای ئەمانیشدا گەر هاوکاری و پاڵپشتیی دڵسۆزانەی هاوسەری هێژام نەبوایە، نەمدەتوانی لە سەرەتاوە ئەم کارە قبووڵ بکەم. کاکەکان چالاک "محمد"، هاوڕێ باخەوان، سەفەر ژاژۆکی، "کریم" مەرەسەنە، "ابراهیم قزاق"، هۆگر کاوانی، یای ترووسکە "رضوانی" و زۆر سەرچاوەی دیکە یارمەتییان داوم کتێب و وێنەی پێویستم وەدەست بکەوێت کە لەم پەرتووکەدا کەڵکیان لێوەرگیراوە. کاک ئاگری باڵەکیش بۆ داڕشتنی بەرگی پەرتووک زەحمەتێکی بێوێنەی کێشا و هاوکاری کردم. لە دڵەوە سپاسی هەموو ئەم بەڕێزانە دەکەم. بە بێ پاڵپشتی و یارمەتی ئەوان ئەم کتێبە بەم شێوەیە ئامادە نەدەبوو کە خراوە بەرچاو.

خوێنەری هێژاش لەم گرنگە ئاگادار دەکرێتەوە کە من تەنیا بەرگی یەکەمی پەرتووکی «سەربردەی ژیانم» بە قەڵەمی خۆم نووسیوەتەوە. لە بەرگی دووهەمدا تەنیا پێداچوونەوەی زمانیم کردووە و لە ناسنامەی پەرتووکدا ئاماژەی پێدەکرێت.

هەر بژین

سۆران کرباسیان